An Oifig Um
Chosaint Idirnáisiúnta
International
Protection Office

## پاشبەندی ژمارە 4 بۆ نامیلکەی زانیاری بۆ داواکار بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی(IPO1)

## تێبینی زانیاری

## زانیاری سەبارەت بە کات دانانەوە ڕەچاوکردنی قەدەغەی بەزۆرناردنەوە لەژێر بڕگەی 50 مادەی 2015 پاراستنی نێودەوڵەتی.

لە یەکەمی کانوونی دووەمی 2020ەوە، بۆ داواکارانی نوێی پاراستنی نێودەوڵەتی، ڕەچاو کردنی بڕگەی 50 (قەدەغەی بەزۆرناردنەوە) تەنها لەکاتێک دا ئەنجام دەدرێت کە پێوانەکانی دیاریکراو لەژێر بڕگەی 51 (1) (a) بۆ(c) ی مادەی 2015 بۆ ئەو کەسە کارپێکراو بێت، واتە ئەو کاتەی کە وەزیر-

(a) ڕەتی کردبێتەوە لەژێر بڕگەی 47 مافی پەنابەری یان مافی پاراستنی دووەم بدات بەو کەسەکە، و

(b) دڵنیایە کە بڕگەی 48(5) بۆ ئەو کەسە جێبەجێ ناکرێت، و

(c) ڕەتی کردبێتەوە لەژێر بڕگەی 49(4) ڕێگەپێدانێک بدات بەو کەسە لەژێر ئەو بڕگەیە.

چیتر وەزیر هیچ بیروڕاییێك لەسەر قەدەغەی بەزۆرناردنەوە لەژێر بڕگەی 50 نادات کاتێك ڕەچاوی ئەوە بکەن داخو ڕێگە بە داواکار بدەن تا لەژێر بڕگەی 49 بمێنێتەوە.

هەر لەم بارەوە، ئەگەر تێڕامانی بڕگەی 50(1) بەو ئەنجامە گەیشت کە جێبەجێ دەکرێت، نوسراوێك بۆ کەسەکە دەنێررێت تا ئاگاداریان بکاتەوە کە ڕێگەپێدانیان پێ بەخشراوە تا لەژێر بڕگەی 50(4) بمێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر تێڕامانی بڕگەی 50(1) بەو ئەنجامە گەیشت کە جێبەجێ ناکرێت، ڕاپۆرتێك لە بڕگەی 50 لەگەڵ ووریاکردنەوەی فەرمانی دیپۆرتکردنەوە لەژێر بڕگەی 51(3)ی مادەی 2015 بۆ ئەو کەسە دەنێررێت.